# Sagor för barn på svenska

berattelser.se

## خوشکەکەی ڤوزی گوتی

Skriven av: Nina Orange
Illustrerad av: Wiehan de Jager
Översatt av: Agri Afshin

Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på månge språk som talas i Sverige.

Detta verk är licensierat under en Creative Commons
Erkännande 3.0 Internasjonal Lisens.
https://creativecommons.org/licenses/by/3.0/deed.sv

# خوشکەکەی ڤوزی گوتی

Nina Orange
Wiehan de Jager
Agri Afshin
kurdiska (sorani)
nivå 4

(utan bilder)

بەیانییەکی زوو نەنکی ڤوزی بانگی کرد: “ڤوزی تکایە، وەرە ئەم هێلکەیە بۆ دایك و بابت بەرە. ئەوان دەیانەوێ کێکێکی گەورە بۆ زەماوەندی خوشکەکەت دروست بکەن.”

ڤوزی کە دەچوو بۆ لای دایك و باوکی، لە ڕێگادا دوو کوڕی بینی کە خەریکی میوە لێکردنەوە بوون. یەکێك لە کوڕەکان هێلکەکەی لە ڤوزی فڕاند و بە دارێکی دادا. هێلکەکە شکا.



خوشکەکەی ڤوزی کەمێك بیری کردەوە و دوای گوتی: “ڤوزی، براکەم، بە ڕاستی من گرینگی بە دیاری نادەم. من هەروەها گرینگی بە کێکیش نادەم. ئێمە هەمووومان پێکەوە لێرە کۆبووینەوە، بۆیە من خۆشحاڵم. ئێستا برۆ جلی جوان لەبەر بکە و وەرە با جێژن بگێڕین.!”
دوایە ڤوزی ئەو کارەی کرد.

ڤوزی هاواری کرد: “ئەوە چیت کرد؟” ئەو هێلکەیە بۆ کێکێک بوو. ئەو کێکەش بۆ زەماوەندی خوشکم بوو. دەبێ خوشکم چی بڵێ ئەگەر هیچ کێکی زەماوەندی نەبێت؟



ڤوزی هاواری کرد: “دەبێ چی بکەم؟ مانگا هەڵاتوەکە وەك دیارییەك لە جیاتی ئەو گیایەی بوو کە کرێکارەکانی خانوبەرەسازی پێیان دابووم. کرێکارەکانی خانوبەرەسازی گیایەکەیان دابومێ لەبەرئەوەی ئەو دارەیان شکاندبوو کە مێوەڕنەکان پێیان دابووم. مێوەڕنەکان دارێکیان دابوومێ، چونکە ئەوان هێلکەکەیان شکاندبوو کە بۆ کێکەکە بوو. کێکەکە بۆ زەماوەندەکە بوو. ئێستا نە هیلکە، نە کێک و نە دیاریەکیشم پێیە.”

کوڕەکان لەوەی کە ئازاری ڤوزیان دابوو، پەشیمان بوون. یەکێك لەوان گوتی: “ئێمە ناتوانین لە دروستکردنی کێك یارمەتیت بدەین، بەڵام ئەم دارە بۆ خوشکەکەت ببە.” ڤوزی درێژەی بە سەفەرەکەی خۆیدا.



بەڵام کە نیوەڕۆ داهات مانگاکە هەڵات و بۆ لای جوتیارەکە گەڕایەوە. ڤوزی لە سەفەرەکەی خۆیدا ڕێگای وون کرد. ئەو زۆر درەنگ بۆ شایی خوشکەکەی گەیشت. میوانەکان خەریکی نان خواردن بوون.

له ڕێگادا ئەو چاوی بە دوو پیاو کەوت کە خانویەکیان دروست دەکرد. یەکێکیان پرسی: “ئێمە دەتوانین لەو دارە بەهێزە کەڵك وەرگرین؟” بەڵام دارەکە بە ڕادەی پێویست بۆ خانو دروست کردن بەهێز نەبوو، بۆیە شکا.



مانگاکە پەشیمان ببۆوە لەوەی کە چڵێس و چاوبرسی بوو. جوتیارەکە ڕەزامەندی نیشان دا کە مانگاکە وەك دیارییەك بۆ خوشکەکەی لەگەڵ ڤوزی بڕوات. و ڤوزی درێژەی بە سەفەرەکەی دا.

ڤوزی هاواری کرد: “ئەوە تۆ چیت کرد؟ ئەو دارە دیارییەك بوو بۆ خوشکم. مێوە ڕنەکان ئەو دارەیان بە من دا، چونکە ئەوان هێلکەکەیان شکاند کە بۆ کێك دروست کردن بوو. کێکەکە بۆ زەماوەندی خوشکم بوو. ئێستا نە هێلکە و نە کێك و نە دیاریەکیشم پێیە. دەبێ خوشکم چی بڵێت؟”



ڤوزی هاواری کرد: “ئەوە چیت کرد؟ ئەو گیایە دیارییەك بوو بۆ خوشکم. کرێکارەکانی خانوبەرەسازی ئەو گیایەیان بە من دا، چونکە ئەوان دارێکیان لێ شکاندم کە هی مێوەڕنەکان بوو. مێوڕنەکان دارەکەیان بەمن دابوو، چونکە ئەوان هێلکەکەیان شکانبووم کە هی کێکەکەی خوشکم بوو. کێکەکەش بۆ شایی و زەماوەندی خوشکم بوو. ئێستا نە هێلکە، نە کێکێک و نە دیاریەکم پێیە. دەبێ خوشکم چی بڵێت؟”

کرێکارەکانی خانوبەرەسازی زۆر بە داخەوە بوون کە دارەکەیان شکاند. یەکێکیان گوتی: “ئێمە ناتوانین بۆ کێکەکە هیچ یارمەتیەکت بدەین، بەڵام ها ئەوە هەندێك گیای وشک بۆ خانووی خوشکەکەت بەرە.” دوایە ڤوزی درێژەی بە سەفەرەکەی دا.



لە رێگا، ڤوزی جوتیارێك و مانگایەکی بینی. مانگاکە گوتی: “دیارە ئەو گیایە بەتامە، دەتوانم هەندێکی لێ تام بکەم ؟” بەڵام تامی گیایەکە زۆر خۆش بوو و مانگاکە هەمووی خواردا!